

## قادر ئەسعەد:

# ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی وتنی سروودین



زۆر لە هونەرمەندانی کوردســـتان هەر یەکەو بە شـــێوازێکی تایبەت و بە سروود و گۆرانی پشتیوانی و پاڵپشتیی خۆیان بۆ پێشـــمەرگە و نیشتمان دەربڕی. هونەرمەند قادر ئەسعەد ئەگەرچی لە روانگەی جەماوەر و هەوادارانی خۆیەوە تا رادەیەك درەنگ ســـروودی بۆ ئەم بارودۆخەی کوردســـتان وت، بەڵام لەگەڵ رووداوەکان تا ئێستا دوو سروودی وتووە، بۆ باسکردنی ئەوە و چەند بابەتێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.

***نزیکەی ساڵێك دەبێت کوردستان رووبەڕووی هێرشێکی درندە بۆتەوە، هونەرمەند و بەناو هونەرمەندان هەر یەکیان لە لای خۆیەوە دەستی دایە سروود وتن، بۆچی قادر ئەسعەد دواکەوت؟**

- هەندێک جار زیاتر بیرکردنەوەی قووڵ و دروست بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەیەک پێویستە لەوەی کارێک بکەی پەلەی پێوە دیار بێت و پەشیمانی لە دواوە بێت، کاری هونەری سروودیش بۆ خاک و نیشتمان کارێکی هێندە ئاسان نییە، تاکو بتوانی لە شەو و رۆژێکدا ئەنجامی بدەی. بەتایبەتی بۆ کەسانی خاوەن ئەزموون لە گۆرانی و موزیک، لەگەڵ ئەوەشدا توانیم دوو بەرهەم بە شێوەیەکی تایبەت پێشکەش بکەم، کە بەرهەمی یەکەمم تایبەت بوو بە شەهید ئەو بەرهەمەشم لێدانی دەرگای زاکیرەیە لە جینۆسایدی گەلێک و قڕکردنی نەتەوەیەک.

**● سروود لە زۆر رووەوە جیاوازە لە گۆرانیی ئاسایی، ئەو سروودانەی وتران تا چەند مەرجەکانی سروودیان تێدایە؟**

- من بۆخۆم بۆچوونی تایبەتیم هەیە لەسەر وتنی سروود و پێموایە سروود وتن دەبێت بە شێوەی کۆمەڵ بێت. مەبەستم کۆراڵی گەورە کۆمەڵێک دەنگبێژی باش سروودەکە بڵێن، ئەو کاتە لەڕووی گەیاندن و پێکانی مەبەستەکە زۆر باشتر دەبێت. هەروەها تێکستە شیعری شیاو و کاریگەر، ئاوازێکی ریتمی سروودی تایبەت و وێنەی تایبەتی پێویستە. سروودیش لق و پۆپی خۆی لێ دەبێتەوە بۆنموونە: سروود بۆ جوانی و سروشتی نیشتمان، سروود بۆ بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان، سروود بۆ شکۆی پێشمەرگە، سروود بۆ شەهید، سروود بۆ هەڵمەتبردن لە کاتی شەڕدا، سروود بۆ ئامادەکردنی سایکۆلۆجیەتی سەرباز و پێشمەرگە پێش جەنگ و شەڕ، سروود لە سەردەمی شۆڕش و خەباتی نهێنی و... تاد. زۆر پێویستە هونەرمەند ئەوانە بە گشتی لێک جیابکاتەوە، کە من پێم وایە زۆربەی زۆری هونەرمەندانی ئێمە دوورن لە تێگەیشتنی ئەو پۆلێنکردنەی من باسم لێوە کرد و بگرە زانیاریی تەواویان لەم بارەیەوە نییە.

**● هەست ناکەی ئەو بێ سەروبەرییەی لە بارودۆخی هونەری کوردیدا هەبوو لە چەند ساڵی رابردوو لە سروودەکانیش دووبارە بۆوە؟**

- زۆر ڕاستە، بێسەروبەرییەکی زۆر هەیە، بەڵام ئێمە دەبێت لە هۆکارە سەرەکییەکەی بکۆڵینەوە کە کێشە سەرەکییەکە نەبوونی خەڵکی پسپۆڕ و ئەکادیمییە لەم بوارەدا. دەتوانم بڵێم ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاداین لە هونەری سروود، راستە هەندێک هەوڵی تاک تاکە دراوە لێرە و لەوێ، بەڵام هیچیان ناچنە فۆرمی سروود. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم هەوڵە بۆ سروود زۆر بە ئەکادیمی کراوە چەند ئۆرکست وسیمفۆنیای خراوەتە خزمەتی کە ئێمە تاکو ئێستا خەونی پێوە دەبینین.

**● چۆن چەند ساڵە گۆرانی هونەرمەندان دووبارە دەکرایەوە، ئێستا سروودەکانیش دووبارە دەکرێنەوە رات بۆ ئەم دیاردەیە چییە؟**

- بەڵێ، چونکە دیارە هێشتا لەم ڕووەوە بە تەواوی پێنەگەیشتووین و کەموکوڕیمان زۆرە، ئەو هەوڵانەشی کە کەم دەژین، من لێرەدا نموونەیەکی زەق و بەرچاوت بۆ دەهێنمەوە. کورد تاکو ئێستا نەیتوانیوە لەسەر مارشی نەتەوەیی خۆی رێک بکەوێت و بە شێوەیەکی زۆر زانستی مامەڵە لە گەڵ دەق و ئاوازەکە بکات. (ئەی رەقیب) مارشی ئێمەیە، بەڵام کوا لە کوێ گوترا و چی بۆ کراوە لە کوێ گوێت لێ دەبێت، کەواتە ئێمە بۆخۆشمان بە گشتی نەمانتوانیوە نەمانویستووە، یان مەبەستمان نەبووە خزمەت بەو رۆڵە گەورەی سروود بکەین.

**● ئایا لە سروودەکان وەکو پێویست رەچاوەی یەکڕیزی و گرنگیی تەبایی نێوان کوردان کراوە؟**

- نەخێر، چونکە هەوڵەکان زۆر بە پەرتەوازەیی دراون، هەر کەسەو لەلایەن خۆی کاری بۆ کردووە بە بێ گوێدانە پرەنسیپ و مەرجەکانی بنەڕەتی سروود و هەندێکیان هیچ مانا نابەخشن، بەڵکو بە گوێگرتن و پەخشکردنیان مەترسیان دەبێت لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، کەناڵەکانیش بۆخۆیان گرفت و سەرئێشەی زۆریان بۆ نیشتمان دروستکردووە کە جێگەی شەرمەزارین.

**● زۆر لە هونەرمەندان کۆنسێرتی خێرخوازی بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە ساز دەکەن، ئەمە وەکو پێویست ئەنجامدراوە؟**

- من لە گەڵ کۆنسێرتم لە گەڵ سروودم بۆ پشتگیری و رێزلێنانی پێشمەرگە، بەڵام کۆنسێرت بۆ هاوکاری ماددی پێشمەرگە تا ڕادەیەک دەبێت هەڵوەستەی لەسەربکرێت. پێشمەرگە ئەو مرۆڤە گەورەیەی کە خاوەنی گەورەترین هەڵوێستی ئینسانییە، بۆ دەبێت ئێمە وەکو خێر پێکردنێک هەڵسین بۆ کۆنسێرتکردن، پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەترە کە بەم شێوەیە مامەڵە لە گەڵ ناوی پیرۆزیدا بکرێت. من ئەو کارە بە سووکایەتی دەزانم نەک هاوکاری، شەرم دامدەگرێت لە وڵاتێک بژیم کە لەسەر دەریایەک سامانی سروشتی بێت، لەو لاو لەولا خەڵک کۆمەک بۆ پێشمەرگە کۆبکاتەوە. ئاخر سنوور پاراستن تەنیا و تەنیا بە خوێن و گیان دەکرێت، کەسانێک ئامادەبن بە خوێن و گیانیان پارێزگاری لە خاک و نیشتمان بکەن، بۆ دەبێت ئێمە وەکو هەرێم نەتوانین گوزەرانی ژیانیان دابین بکەین؟ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هونەرمەند لە وڵاتی خۆماندا دەتوانێت بە هونەرەکەی خۆی بژێت یان ژیاوە تاکو ئێستا؟ ئایا ئێمە ئەو خەڵکەمان هەیە ئامادەگی تێدا بێت بە دەیان هەزاران کەس بێنە کۆنسێرتێک دابنیشن گوێبگرن و گیانی هاوکارییان تێدا بێت؟ لە وەڵامدا زۆر بوێرانە دەڵێم: نەخێر، هونەرمەندی ئێمە بۆخۆی بارێکی گرانە بە سەر حکومەت و هێشتا نەیتوانیوە باری ئابووری خێزانی، یان تاکی خۆی

**(ئەی رەقیب) مارشی ئێمەیە، بەڵام کوا لە کوێ گوترا و چی بۆ کراوە لە کوێ گوێت لێ دەبێت، کەواتە ئێمە بۆخۆشمان بە گشتی نەمانتوانیوە نەمانویستووە، یان مەبەستمان نەبووە خزمەت بەو رۆڵە گەورەی سروود بکەین**

**پێشمەرگە ئەو مرۆڤە گەورەیەی کە خاوەنی گەورەترین هەڵوێستی ئینسانییە، بۆ دەبێت ئێمە وەکو خێر پێکردنێک هەڵسین بۆ کۆنسێرتکردن، پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەترە کە بەم شێوەیە مامەڵە لە گەڵ ناوی پیرۆزیدا بکرێت**

دابین و مسۆگەر بکات. بۆ بەشی دووەمیش دەڵێم: نەخێر، خەڵکی ئێمە تاکو ئێستا خاوەنی ڕۆشنبیری گوێگرتن و بەخشین نین، چ جای ئەمڕۆمان کە خەڵکانێک هەن ماوەی سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە تاکو کرێی خانووەکەیان بدەن، کەواتە چۆن دەتواندرێت ئەم هەنگاوانە بهاوێژرێت بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری؟ بەڵێ هەوڵی تاکی کەسی بۆ ئەم مەبەستە کرا، دەستخۆشییان لێدەکەم، ئەگەرچی وەکو باسمکرد من هاوبیر نیم لەگەڵ ئەو کارانە، بەڵام ئاکامەکەی چی بوو؟ دەکرێت پێم بڵێن ئایا ئەوە خەڵک بوو لە کۆتاییدا هاوکارییەکەی کۆکردەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە پارەی خەڵکەکە تەنیا بەشی هۆتێل و نانخواردن و هاتوچۆ و کرێی هۆڵەکەی نەکرد، سوپاس بۆ ئەو پارەدارانەی وەکو کۆمپانیا لە پشت کۆنسێرتەکە بوون.

**• گرنگی ئۆپەرێت بۆ هونەری کوردی لە چیدایە؟**

- کام ئۆپەرێت؟ تۆ باسی شتێکم بۆ دەکەیت کە وجوودی نییە لە وڵاتی ئێمە، بگرە هەر گرنگی پێ نادرێت بیر لە دامەزراندنیشی ناکرێتەوە.

***بیرۆکەی (تا چرای ئێمە نەسووتێ) چۆن دروست بوو؟**

- ئێمە نەتەوەیەکین بە حوکمی سنووری جوگرافیمان هەمیشە ترسی قڕکردن و جینۆسایدمان لەلایەن ناحەزان و دوژمنانمان لە سەربووە، چی لە ڕابردوو، چی لە هەنووکەمان هەمیشە سەدامەکان بە شێوە و وێنەی جیاواز و لە بەرگ و فۆرمی جیا جیا خەریکی پیلاندانان بوون بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەکەمان. بەداخەوە ئێمەی کورد بە گشتی بە درێژایی ژیانمان ئاڵوودەی نەخۆشییەکی کوشندەین، ئەویش (لە بیرکردنە) زۆر زوو ئامادەین دوژمنە سەرسەختەکانمان لە بیر بکەین، بەڵام هەرگیز ئامادە نین رقی برایانە لە بیر بکەین. ئەوە نەگبەتییەکی گەورەیە، هەر بۆیەش من لەم کلیپەی ئەمجارەم هەوڵم داوە چەندین جار وێنەی دیکتاتۆر بە شێوازی جیا جیا نیشانی بینەر بدەم و بڵێم سەدامتان لە بیر ماوە لە بیرتان نەچێت، چونکە ڕووخساری دیکە هەن بە هەمان شێوەی سەدام بیر دەکاتەوە، بەڵام بە وێنە لەو ناچێت. با ئاگاداری یەکڕیزیی ماڵی خۆمان بین، بۆ بیرۆکەی لەگەڵ شاعیری گەورەی گەلەکەمان عەبدوڵڵا پەشێو قسەمان کرد و ئەویش زۆر پێی باش بوو، چونکە ئەم شیعرە بۆ هەموو سەردەمەکان دەگونجێت و کورد هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی قڕکردن دەژیت، کە هەر سەردەمەو بە شێوازی جیا و دوژمنی هەمان بیرۆکە، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ بەڕێزیان بڕیارم دا جارێکیتر بەم شێوەیە تۆماری بکەمەوە.





# هەزال: بۆ سەرکەوتن پشـ

خانمە ئەکتەری ناسراوی تورك هەزال کایا کە بە (نیهاڵ) ناسراوە، بێزاری و تووڕەیی خۆی لەو هەواڵانە دەربڕی کە باس لەوە دەکەن بە ئەنقەست جلوبەرگی کورت و ورووژێنەر لەبەر دەکات، بەتایبەتی لە زنجیرە درامای (میرال) بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی زیاتری خەڵك رابکێشێت.

بەم دواییە هەواڵێك لە چەند میدیایەکی تورکی بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی (هەزال بە دەری خست، کێرڤی زنجیرەکەش بەرز بۆوە)، لەم بارەیەوە هەزال وتی: زۆر کەس بەوە تاوانبارم دەکەن کە جلوبەرگی کورت و ورووژێنەر لەبەردەکەم بۆ ئەوەی ژمارەی بینەرانی زنجیرەکە زیاد بێت و سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. لەمەدا مەبەستیان ئەوەیە بڵێن من تەنیا پشت بە ورووژاندن دەبەستم، کە ئەمانە هەموویان دوورن لە راستی، چونکە ئەمە نە یەکەم کاری منە و نە دوایین کاریش دەبێت.

# کانجانا رانۆت ژیانی سەڵتی پێخۆشترە



دوای ئەو ئاهەنگەی کە بە بۆنەی نمایشکردنی فیلمی (Tanu Weds Manu Returns) ئەنجامدرابوو، کانجانا رانۆتی پاڵەوانی فیلمەکە لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی کرد کە تا رادەیەك مایەی سەرسوڕمان و لە هەمان کاتدا گرنگی پێدانی رۆژنامەنووسان بوو.

کانجانا لە وەڵامی رۆژنامەنووسێك دەربارەی دواکەوتنی پێکهێنانی ژیان هاوسەری لەلای هونەرمەندان وتی: ئەو کچانەی لەو بوارەی ئێمەدا کار دەکەن، ناتوانن بەر لە ٣٥ ساڵی ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، ئەمەش کارێکی نۆڕماڵە و پێوەندی بە سروشتی کارەکەوە هەیە. کانجانای بە تەمەن ٢٨ ساڵ رایگەیاند کەوا پلانی نییە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەتایبەتی لە ئێستادا و وتی: ئەم کارە هەنگاونانی ورد و خوێندنەوەی زۆری پێویستە و نابێ پەلەی تێدا بکرێ. هەرچەندە دەزانم ئارسودۆکسەکان ئەمەیان بە دڵ نابێت و بەم کارەی من رازی نابن.

بەشێکی زۆر لە چاودێرە هونەرییەکان ئەم هەڵوێستەی کانجانایان بۆ ترسی ئەو گەڕاندەوە لەوەی کە ژیانی هاوسەری ببێتە رێگر لە بەردەمی بۆ ئەوەی درێژە بە کاری هونەری و سینەما بدات، چونکە بەرپرسیاریەتی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ بەشێکی زۆری کاتەکەی دەبات و ناتوانێت گرنگیی بە کاری هونەری بدات. شایەنی باسە بەر لە ماوەیەك کانجانا بە هۆی ئاست بەرزیی خەڵاتی (The National Award)ی بەدەستهێنا، بەڵام رایگەیاند کە بە هۆی گرنگیدانی زیاتری رۆژنامەنووس و میدیاکان بە هەواڵەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، نەیتوانی چێژ لەو سەرکەوتنەی وەربگرێت.



## ـــــــت بە ورووژاندن نابەستم

بۆ زیاتر روون کردنەوەی بابەتەکە هەزال وێنەیەکی خۆی بەو جلانە بڵاو کردەوە کە پێی تۆمەتبار دەکەن و وتی: ئەمە ئەو جلانەیە کە باسی دەکەن، بەداخەوە ناچارم روونکردنەوە بدەم، ئەمە جۆرێکە لە توندوتیژی کە ناچارم بکەن چ جلێك بەکار بهێنم لە کارە هونەرییەکانم بۆ ئەوەی عەقڵییەتی ئەو نەفس نزمانە رازی بکەم کە شتم لە دژ دەنووسن.

هەزال زیاتر وتی: زنجیرەیەك کە زیاتر لە ١٠٠ کەس بەشداریی تێدا دەکەن، رازی نابم بەوەی کە سەرکەوتنەکەی بەو جلانە ببەسترێتەوە کە دەیانپۆشم، بە هەموو شێوەیەك ئەو هەواڵانە رەت دەکەمەوە، پێویستە میدیاکان زیاتر وشیار بن بۆ زیادکردنی وشیاریی خەڵك و نەهێشتنی توندوتیژی دژی مێینە، نەك خۆیان بەشێك لە توندوتیژییەکان بن.

## ماریا کاری دەترسێ

گۆرانیبێژی ئەمریکی ماریا کاری رایگەیاند لە رابردوودا ترس بەشێکی زۆری ژیانی داگیر کردبوو، چونکە زۆر جار هەڕەشە لەسەر ژیانی هەبووە لە زۆر لاوە، هەروەها کێشە تایبەتەکانیشی زۆر ئاڵۆز بوون، بە جۆرێك تووشی ترس و دڵەڕاوکێی کردبوون.

ماریا لەم بارەیەوە رایگەیاند: ئەگەرچی من و نیکی میناج بە یەکەوە لە لێژنەی ناوبژیوانی بەرنامەی (American Idol) بووین، بەڵام ناکۆکیی نێوانمان گەیشتە رادەیەکی ترسناك، چونکە بە ئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی لێکردم. ماریا زیاتر لەم بارەیەوە وتی: من گۆرانیبێژێکی پیشەگەرم و جوان نییە باسی هەموو شتێك بکەم، بەڵام هەستم بە ترسێکی زۆر کرد، چونکە جوان نییە بۆ ئێمە هەڕەشەی بەم جۆرە لە یەکتری بکەین.

لە لایەکی دیکەوە ماریا رایگەیاند کە ناکۆکییە بەردەوامەکانی لەگەڵ نیك کانونی هاوسەری کە بە جیابوونەوە کۆتایی هات، ئەوانیش ترسێکی زۆریان لای درووست کردبوو، تەنانەت وەك کەسێکی توندوتیژی لێهاتبوو کە متمانەی بە کەس نەمابوو، زۆریش بیری لەوە دەکردەوە چۆن تۆڵە لە کانون بکاتەوە.

شایەنی باسە دوای جیابوونەوە و ئەم ناکۆکییە بەهێزەی نێوانیان بە هاوکاری چەند کەسێکی نزیك لە هەردوو لا پێوەندییەکانیان تا رادەیەکی زۆر هێور بۆتەوە، ئەگەرچی بۆ لای یەکتری نەگەڕاونەتەوە.